# ستراتیژی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنی بۆ قۆناغی ئامادەیی لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستاندا

م.د.هەرمن شێرکۆ نصرالدین
harmn.sherko@spu.edu.iq
بەشی پەیوەندییەگشتییەکان و بەبازارکردن، پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

م.ی.ئەرکان جەبار محەمەد
arkan.mohammed@spu.edu.iq
پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی - بەشی تەکنیکی میدیا ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

م.د.محمد عمر کاکە
mohammed.kaka@spu.edu.iq
بەشی کارگێری کار، پەیمانگای تەکنیکی چەمچەماڵ، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٤/١٥

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دارشتنی ستراتیژێکی کردەییە بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کاری پەروەردەیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنیدا لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا، بە مەبەستی گۆرینی رەفتاری خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی، هەروەها راستکردنەوەی ئەو دیدە نالۆژیکیەیە کە لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری پەروەردە بوونی هەیە، هەروەک گرنگی توێژینەوەیەکە لەو واقیعەوە سەرچاوە دەگرێت کە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بووە بە کەناڵی سەرەکی پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوە و هاوبەشی پێکردنی زانیارییەکان لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگە، هەردوو توێژی خوێندکار و مامۆستایان بەردەوام بەریەککەوتنیان هەیە لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیەدا و کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر رەفتاریان بەگشتی، مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پلانرێژی وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی لە تەکنەلۆژیای نوێدا. لە چوارچێوەی میتۆدی رەفتاری پلان بۆ دارێژراو لە رێی ئامرازی چاوپێکەوتن و تێبینی، باسی پلانرێژی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە بروەدان بە کاری پەروەردەیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە دامەزراوەکانی وەزارەتی پەروەردە کراوە وەک نەخشە رێگایەکە بۆ بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستاندا، توێژەران سێ رێوشوێنیان وەک ستراتیژ بۆ سوودبینین لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان خستووەتەڕوو: (رێوشوێنی فێرکاری-پەروەردەیی، کارگێریی، شێوازی بەکارهێنان)، لە دەرئەنجامدا وەزارەتی پەروەردە بەشێوازێکی ستراتیژی نەیتوانیوە پلانێک دابرێژێت بۆ بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکی پەروەردیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنی بۆ قۆناغی ئامادەیی و گۆرینی رەفتاریان، هەروەک تۆرە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر رەفتاری توێژی هەرزەکاران بە تایبەتی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی کە لەم توێژەدان، پێویستە بابەتەکانی پەروەردە بە شێوەیەک بگونجێندرێت کە هەرزەکاران حەز بە فێربوونی بکەن لە رێگای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم و میدیای نوێوە و سیستەمی پەروەردە هاوشانی ئەم واقیعە خۆی نوێ بکاتەوە.

کلیلە وشەکان: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەرکی پەروەردەیی، فێرکردنی ئەلیکترۆنی، قۆناغی ئامادەیی، دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستان.

**پێشەکی:**

ئەو گۆرانکارییە ریشەییەی لە بواری تەکنەلۆجیای گەیاندندا روویداوە، وەرچەرخانێکی گەورە لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا درووستکردووە، بواری پەروەردە و فێرکردن تواناکاری نوێی بۆ فەراهەم بووە دیارترین چەمکیان پەروەردە و فێرکردنی ئەلیکترۆنییە، هەروەک تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەک داهێنراوێکی تەکنەلۆجی لە بورای پەروەردەدا ژینگەیەکی نوێی بۆ برەودان بە پەیوەندیکردنی سانا و خێرا و بەردەوام و کارلێککاری رەخساندووە بە شێوازێکی جیاواز لە خوێندنی ئاسایی و تەنانەت جیاواز لە خوێندنی ئەلیکترۆنی، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکەوە کەبووە بە بەشێکی سەرەکی ژیانی رۆژانەی تاک بە تاکی کەمەڵگەکان(الجنهي2017، ص 126).

لە هەرێمی کوردستان لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا بە تەواوی درک بە گرنگی خوێندن و پەروەردەی ئەلیکترۆنی کراوە و بۆ خوێندنی لە دوورەوە سودیان لێبینیوە، لێرەوە وەزارەتی پەروەردە هەوڵیداوە هەنگاوی نوێ بنێت و ئەو گۆرانکارییەی لە بواری پەروەردە و فێرکردنی هاتووەتە ئاراوە و بووە بە پێویستییەکی بنەرەتی لە سیستەمی پەروەردەدا بەشداری تێدا بکات و بیر لە دروستکردنی شێوازی بەکارهێنانی تایبەت بە پەروەردەی هەرێم دابرێژێت، بەڵام نەیتوانییوە بە شێوەیەکی ستراتیژی پلان بۆدارێژراو هەنگاو بنێت و تەواوی هۆکارە تەکنەلۆژیەکان لە پرۆسەکەدا بەکاربهێنێت، لەوانە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە رێژەی بەکارهێنەرانی لە هەموو هۆکارەکان زیاتر و کاریگەری گەورەی هەیە لە ئاراستەکردنی رەفتاری گشتی کۆمەڵگە و توێژە جیاوازەکانی، لە نێویاندا خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی کە لە توێژی هەرزەکارانن تەمەنیان لە نێوان ١٦ ساڵ بۆ ٢٠ ساڵە.

لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ ئاشنابوون بە تایبەتمەندییەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردن و دانانی رێوشوێنی کردەییە بۆ سوود بینین لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازە تەکنەلۆژییانە.

**بەشی یەکەم**

**میتۆدنامەی توێژینەوەکە**

**یەکەم/ رەهەندەکانی توێژینەوەکە**

**١/ کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە نەبوونی ستراتیژێکی پلان بۆ دارێژراوی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە کاری پەروەردەیی و فێرکردن لە قۆناغی ئامادەیی، کە لە ژیانی رۆژانەی خوێندکار و مامۆستا و لایەنە هاوپەیوەندەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن واقیعێکی سەپێنراوە و هەموو لایەنەکانی ناو پرۆسەکە بەکاری دەهێنن، هەروەک پێداچوونەوەیە بەو را و بۆچوونانەی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و لە دیدی کەسایەتییە دیارەکانی بواری پەروەردە دەخرێنەڕوو سەبارەت بە لایەنی نەرێنی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر توێژی خوێندکاران، رایەکی گشتی لەم بارەیەوە گەڵاڵە بووە کە لە زۆرینەی پەیامە فەرمی و نا فەرمییەکانیاندا لایەنە خراپەکانی ئەم هۆکارە کۆمەڵایەتییە- میدیاییە دەخەنەڕوو و بە لارێدابەری توێژی خوێندکار پێناسەی دەکەن.

sjh@univsul.edu.iq

**٢/ گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەو واقیعەوە سەرچاوە دەگرێت کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە بە کەناڵی سەرەکی پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوە و هاوبەشی پێکردنی زانیارییەکان لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگە، بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیە وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە دارشتنی ستراتیژێکی پلان بۆ دارێژراو و گشتگیر هەیە، بەمەبەستی ئاراستەکردنی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە توێژی خوێندکار و مامۆستا و لایەنە هاوپەیوەندەکان لەلایەن دامەزراوە پەروەردەییەکانی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە زانستی، مەعریفی و کۆمەڵایەتییەی کە لە واقیعی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، هەروەک دارشتنی نەخشە رێگایەکی ستراتیژی بۆ وەزارەتی پەروەردە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کاری پەروەردە و فێرکردن بۆ قۆناغی ئامادەیی و نیشاندانی نەخشەرێگای چۆنێتی سوود بینین لێی و زانینی تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردن.

**٣/ ئامانجی توێژینەوەکە:**

لێرەدا تووێژەران چەند ئامانجێک دەخەنەڕوو بریتین لە:

١/ بەکارهێنان و سودبینین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گۆرینی رەفتاری خوێندکاران لە قۆناغی ئامادەیی و نزیککردنەوەیان لە ئامانجەکانی وەزارەتی پەروەردە کە بۆ گەشەدان بە خوێندنی ئەلیکترۆنی دەستنیشانیکردووە.

٢/ وەزارەتی پەروەردە هەمان ئەو هۆکارانە بگرێتەبەر کە توێژی خوێندکار و مامۆستا رۆژانە بەکاری دەهێنن بۆ وەرگرتنی زانیاری، لەم بوارەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پشکی سەرەکیان بەردەکەوێت.

٣/ دارشتنی ستراتیژێکی تۆکمەی پلان بۆ دارێژراو بۆ بەشداریکردن دامەزراوە پەروەردەییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاریگەریدانان لەسەر ناوەڕۆکی پلاتفۆرمەکانی ئەم هۆکارانە، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ ئاراستەکردنی رەفتاری بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە توێژی خوێندکار و مامۆستا بە تایبەتی و توێژە هاوپەیوەستەکان بە گشتی.

٤/ راستکردنەوەی ئەو وێنە زهنییە نەرێنییەی سەبارەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باسدەکرێت و تەنها لایەنە خراپەکانی خراوەتەڕوو لەسەر توێژی خوێندکاران.

**٤/ میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەیەکی وەسفییە، تێیدا کار بە میتۆدی رەفتاری پلان بۆ دارێژراو کراوە لە رێگای هۆکارەکانی پەیوەندیکردنەوە، ئەم میتۆدە هاوکارە بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی گۆرینی رەفتاری جەماوەر، پێیوایە رەفتار بابەتێکی پلان بۆ دارێژراوە، هەروەک دەتوانرێت ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکرێت کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر تاک بۆ وەرگرتنی زانیارییە دەستکەوتوەکانی لە پەیامە دارێژراوەکانی لایەنی نێرەر لە هۆکارەکانی پەیوەندی کردنەوە، بەمەش دەکرێت وەزارەتی پەروەردە بەستراتیژێکی پلان بۆ دارێژراو کاربکات بۆ گۆرینی رەفتاری بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەردوو توێژی خوێندکار لە قۆناغی ئامادەیی و مامۆستا لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا.

**٥/ پرسیاری توێژینەوەکە:**

١/ ئایا وەزارەتی پەروەردە ستراتیژی پلان بۆ دارێژراوی هەیە بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردندا ؟

٢/ ئایا ئەو رێوشوێنانە چین پێویستە وەزارەتی پەروەردە بیگرێتەبەر بۆ سوود بینین لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردندا بۆ قۆناغی ئامادەیی؟

٣/ ئایا پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردندا لە بڵاوکردنەوەی وانە و بابەتە رەوشت ئامێزەکان بە تێکست، دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ بەکار هاتووە؟

٤/ ئایا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەتوانن سوود بە لایەنە بەشدار بووەکانی پرۆسەی خوێندن بگەیەنن بە تایبەتی هەردوو توێژی خوێندکار و وەمامۆستا؟

٥/ ئایا وەزارەتی پەروەردە پلانی هەیە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە زانستیی و مەعریفییەی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە؟

**٦/ ئامرازی توێژینەوەکە:**

ئامرازی چاوپێکەوتن، هەروەها تێبینیکردن لە پەیامە بڵاوکراوەکانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وەزارەتی پەروەردە بەکارهاتووە.

**دووەم/ ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

١/ ستراتیژ: پلانرێژییەکی درێژ مەودای وردکارە، پاڵپشت بە سەلمێنراوە زانستییەکان دادەرێژرێت، بە مەبەستی دیاریکردنی هەنگاوە تاکتیکی و وردەکاری پرۆسەی کار بۆ گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی دامەزراوە.

٢/ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: بریتییە لەو ماڵپەڕ و ئەپلیکەیشنانەی کە گرنگی بە پرۆسەی پەیوەندیکردن دەدات وڕێگە بە بەکارهێنەرەکانیان دەدەن ناوەڕۆک دروست بکەن و بەشداری گفتوگۆی جۆراوجۆر بکەن، هەروەها یارمەتی تاکەکان دەدات زانیاری هاوبەش بکەن و پێکەوە کارلێک بکەن.

٣/ ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنی: ئەرکی پەروەردەیی پرۆسەیەکە ئامانجی یارمەتیدانی فێرخوازە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شێوازە هەڵسوکەوتانەی کە دەبێت لە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیاندا بیگرێتەبەر، بەشدارە لە گەشەپێدانی تاکەکان و کار بۆ پەرەپێدانی توانا زانستی و کردارییەکانیان دەکات، سەبارەت بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی بریتییە لە گواستنەوەی زانیاری و بیرۆکە بۆ تاکەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و روون و ئامانجدار لەڕێگەی تەکنەلۆجیاوە.

٤/ قۆناغی ئامادەیی: بەپێیی سیستەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان فێرخواز پاش تەواوکردنی قۆناغی بنەرەتی دەگاتە قۆناغی ئامادەیی و بۆ ماوەی (٣) ساڵ بەردەوام دەبێت تا برینی دوا قۆناغی کە پۆلی (١٢)ە و پاشان سیستەمی خوێندنی پەروەردەیی کۆتایی دێت.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٥/ دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستان: وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرەکی ترین دامەزراوەی پەروەردەییە و لە رێگەی خوێندنی بنەرەتی و ئامادەیی و پیشەییەوە پرۆسەی پەروەردە بەڕێوەدەبات و بەرپرسە لە پەروەردە و فێرکردن.

**سێیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو**

**١/توێژینەوەی(یولیان بورناما، أسدلوري ٢٠٢٣):**

ئەم توێژینەوەی بەناونیشانی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی خوێندکاران و کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێربوون، تێیدا باسی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خوێندکاران و کاریگەرییەکانی لە سەر پرۆسەی پەروەردە و فێربوون، توێژینەوەیەکی شیکارییە و پشتبەستن بە زانیاری و دەق لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە داتاکانی شیکردووەتەوە و لێکداوەتەوە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی بەکارهێنانی ژیرانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە شێوازێکی پلان بۆ دارێژراو وا لە خوێندکار بکرێت بە دەر لە بابەتەکانی تر بابەتی پەروەردەیی و زانستی بکات بە بەشێکی سەرەکی لە واڵ و گروپەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان، لە ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بەشداری پێکردنی خوێندکار و مامۆستا و دایک و باوکان لە پرۆسەی دروستکردنی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەها بەرز و پڕ لە زانیاری بەسوود و ژینگەیەکی پەروەردەیی سەلامەت کە پشتگیری لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و فیکری و سۆزداری خوێندکاران بکات، لە دەرئەنجامدا ئەوەیان خستووتەڕوو کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری ریشەییان لە ژیانی تاک دروستکردووە بۆیە ناتوانرێت لە بواری پەروەردە دەست بەرداریان بکرێت، هەروەها بەرکەوتنی خوێندکاران بە ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت کاریگەری لەسەر وێنەی خۆیان و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیان هەبێت و ژینگەیەکی تەندروست دروستبکرێت و لایەنە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆنترۆڵبکرێت.

**٢/ توێژینەوەی (عتیم، ٢٠٢٤):**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە باشترکردنی کوالیتی فێربوون لە وانە زانستییەکاندا، گرنگی توێژینەوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکرێن بەشێکی تەواوکاری بۆ مەنهەجی خوێندن و سوود لە رۆڵی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەربگیرێت، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی گروپی مێتا و لینکد ئین و یوتیوبە بۆ باشترکردنی فێربوونی وانە زانستییەکان و دەرخستنی ئەو تایبەتمەندییانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانرێت لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە کاربهێنرێت بەگشتی و وانە زانستییەکان بەتایبەتی، میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە، توێژەر پشتی بە ئامرازی راپرسی لە نێو مامۆستایانی وانەی زانست و خوێندکاران لە شاری ریازی پایتەختی وڵاتی سعودیە بەستووە، سەرەکیترین دەرئەنجامی توێژینەوە ٧٤٪ مامۆستا و خوێندکاراکان پێیان وابووە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پرۆسەی فێربوون، چونکە خوێندکاران بە رێژەیەکی زۆر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن داوایان کردووە بە شێوازێکی ستراتیژی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری فێرکردن بەکاربهێنرێت، داوا کراوە لایەنی پەیوەندیدار و وەزارەتی پەروەردە بە کۆمەڵێک رێنمایی خوێندکار و مامۆستا رابسپێرێت چالاکانە بەشداربن لە دەوڵەمەندکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاکاری پەروەردەیی بەها بەرز و وانە و زانیاری بەسوودی وانە زانستییەکان.

**٣/ توێژینەوەی (الاذقاني ، المقطرن 2022):**

بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی فێرکردندا، ناونیشانی توێژینەوەکەیە و تێیدا باس لەو گۆرانکارییە ریشەییە دەکات کە لە پرۆسەی خوێندندا هاتووەتە ئاراوە و خوێندنی ئەلیکترۆنی بووە بە بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەکەدا، لە سەرەکیترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی توانای بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە بواری پرۆسەی فێرکردن و دیاریکردنی ئەو شێوازانەیە کە دەتوانرێت لە خوێندنی ئەلکترۆنی سوود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەربگیرێت، توێژەران میتۆدی وەسفی- شیکارییان بەکارهێناوە، لەدەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە بە کارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری دیاری هەیە لە پرۆسەی پەروەردە و فێربوون، ئەمەش بەهۆی بەرزی ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن توێژی خوێندکارانەوە، بەڵام لە زۆربەی دامەزراوە پەروەردەییەکان ئەم دۆخە نوێیە لەبەرچاو نەگیراوە و درکیان پێکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاریان کردووە دامەزراوە پەروەردەییەکان بە شێوازێکی پلان بۆ دارێژراو کار لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەن سوودی لێببینن لە پرۆسەی فێربوون.

**بەشی دووەم: ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنی:**

" ئێمە کۆمەڵێک دام و دەزگای بە کۆمەڵایەتیکردن و پەرەردەکردنمان هەیە وەک خێزان و خوێندنگە و شوێنی خواپەرستییەکان، لەم سەردەمەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون بە هۆکارێکی تری بە کۆمەڵایەتیکردن و ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردن، لە پۆلبەندی سەرەکێتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر بە ئەندازەی خێزان گرنگی نەبێت ئەوە لە ئاستی ئەودا خۆی دەبینێتەوە، لە ئێستادا هەرزەکاری ئێمە زۆرینەی کاتەکانیان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر دەبەن، هەر ئەمەش وایکردووە بتوانین بڵێین کاریگەری زۆری هەیە لەسەر رەفتاری هەرزەکاران " . (قەرەچەتانی، ٢٠٢٣، چاوپێکەوتن)

١/ چەمکی ئەرکی پەروەردەیی: بریتییە لە دۆزینەوەی ئامادەکارییەکانی پەیوەست بە مەیل و ئارەزووەکان، رێکخستنەوە و باشکردنی غەریزەکان، گرنگیدان بە سەلامەتیی جەستەیی و رۆحی، چەسپاندنی رەفتاری دروست، فێرکردنی پەیوەندییەکانی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی، ئاگادارکردنەوە لە شێوازەکانی بەرگریکردن لە جەستە و رۆح، کردنی مرۆڤ بە ئەندامێکی چالاک لە خێزانەکەیدا. (الفار، ٢٠١٢، ص٣٩).

هاوکات، لە ئەرکەکانی تری پەروەردە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی بەها و ئیدیۆمە باڵاکان، فێربوونی چەمکەکانی خاوەندارێتی و مافە تاکە کەسییەکان، گەشەپێدانی ویستی داهێنان و خێرا دەربڕینی هەڵوێست، تێگەیشتن و ئاگاداربوون لە هۆکار و کاریگەرییەکان بەمەبەستی چارەسەرکردن و یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی کە رووبەڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، ئەمە جگە لەوەی پەروەردە مرۆڤ فێری جوانی و خۆشەویستی و هەڵبژاردنی بژاردە باشەکان دەکات، هانی هەموولایەک دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی عەقلانی بیر بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دووربکەونەوە لە توندڕەوی و ترسی بێ بیانوو. (أحمد، ٢٠١٣، ص٧٨).

پەروەردە، خەیاڵدان و وێناکردنی مرۆڤ بەهێز دەکات، هانی تاک دەدات بۆ ئەوەی فێری پیشە و کار بێت، بۆ ئەوەی هەلی کاری گونجاوی دەستبکەوێت، فێری بنەماکانی ئابووری لە خەرجی و پاشکەوت دەکات، هاوکات بنەما پەروەردەییەکان، کەسەکان فێری پرەنسیپەکانی دیموکراسی و سەرکەوتن دەکات، هەروەها چۆنێتی بایەخدان بە خۆشگوزەرانی و

ئاسوودەیی، بۆیە مرۆڤ لە ڕێگەی پەروەردەوە، فێری ئەوە دەبێت کە چۆن وەبەرهێنان بە کاتە بەتاڵەکانی بکات و بەشێک لە کاتەکانیشی بۆ کاتبەسەربردن بەسەر ببات. (سید و حلمي، ٢٠١٧، ص٤٨).

پەروەردە لەسێ ڕەهەندەوە بایەخ بە مرۆڤ دەدات: جەستە، عەقڵ و ڕوح:

سەبارەت بە بایەخی پەروەردەی عەقڵ، پێویستە هەر کەسێک پێش ئەوەی بڕیار لە کارێک یان پەرچەکردارێک بدات، لە ڕێگەی عەقڵەوە بیر بکاتەوە، بۆیە ئەگەر هەر چالاکییەکی جەستەیی بەبێ گەڕانەوەی بۆ بیکردنەوەی عەقڵانی ئەنجامبدرێت، ئەوە بێگومان زیانی گەورەی بۆ سەر جەستە دەبێت، هەموو ئەمانەش پەروەردە فێرمان دەکات لەوەی بیکردنەوە لەڕێگەی عەقڵەوە، لە پێش هەر بڕیار و هەڵوێست و کارێکەوەیە. (عبد الحي، ٢٢٠١٣، ص١١٢).

لەلایەکی دیکەوە، بایەخدان بە پەروەردەی ڕوح، هۆکارەکەی ئەوەیە کە جەستە و عەقڵ بەتەنیا یان پێکەوە، توانای بەڕێوەبردنی کاروبارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤیان نییە، بۆیە پێویست بە بوونی ڕەحمەت و بەزەیی هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت درێژە بە ژیان بدات، بەجۆرێک مرۆڤ بەبێ بوونی ڕوحێکی دروست و تەندروست، بریتییە لە ئاژەڵێکی عاقڵ و هیچی تر. (علی، ٢٠١٦، ص٧٨).

گرنگە لە چوارچێوەی بایەخدان بە پەروەردەی ئەو سێ ڕەهەندە، هاوسەنگی و جۆرێک لە یەکسانی بپارێزرێت، بەو مانایەی بەیەک ئاست گەشە بەو سێ ڕەهەندە بدرێت، بۆیە چەندە پەروەردەکردنی جەستە ئەرکێکی سوودبەخش بێت، هێندەش پەروەردەکردنی ڕوح و عەقڵ ئەرکێکی گرنگە.

٢/ فێرکردنی ئەلیکترۆنی: چەمکێکی جیهانیی نوێیە بۆ فێربوون، پەیوەست بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و پرۆگرامە جیاوازەکانی لە ڕێگەی تۆڕێکی داخراو یان هاوبەش یاخود تۆڕی ئینتەرنێت پێشکەش دەکرێت، (د.جابر حمزە) سەرۆکی دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردنی نوێ لە وڵاتی ئیمارات پێیوایە پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنیکە هەمەچەشنەکانی تەکنەلۆجیا لە جێبەجێکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا. (حدادي، ٢٠١٧، ص٥٦).

کەواتە ئەم جۆرە فێرکردنە پەیوەست بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنیک و هۆیەکانی گەیاندنی نوێوە، (تێکست، دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ و لایڤ) بەشداربوانی پرۆسەی خوێندن مامەڵە لەگەڵ یەکدی بکەن و کارلێکی بەردەوامیان هەبێت بە ئاسانترین شێوە، چ لەناو هۆڵەکانی خوێندن بێت یان لە دوورەوە، بەوپێیە ئەوەی لەم جۆرە فێربوونە گرنگە ئەوەیە کە تەکنیکە نوێیە هەمەچەشنەکان بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری بە فێرخواز.

فێرکردنی ئەلیکترۆنی بە دوای خۆیدا فێرکردنی دورمەودای کاراکردووە ئەم شێوازەش بەشێکە لە خوێندنی ئەلیکترۆنی و پاش بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا پلەی یەکەمی وەرگرت لە شێوازی خوێندنی ئەلیکترۆنی، ئەم جۆرە لە جێبەجێکردنی پرۆسەی فێربوون هەوڵێکە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی فێربوون بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنی جوگرافی، کە تێیدا ڕەگەزە زانستییەکانی فێربوون وەک (پرۆگرامی خوێندن، مامۆستا، فێرخواز، هۆڵی خوێندن، پێنووس و تێنووس و ئامرازەکانی گەیاندن) بەردەستە. (الموسی و السبیعي، ٢٠٢٠، ص٣١٠).

کەواتە فێربوون لە دوورەوە لقێکە لە خوێندنی ئەلیکترۆنی و شێوازێکی نوێی فێربوونە کە پشت بە تەکنۆلۆجیا ئامرازە هەمەجۆرە نوێیەکانی گەیاندن دەبەستێت، بەمەبەستی دۆزینەوەی ژینگەیەکی کارلێکار و ڕێکخراو بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێربوون، بەشێوەیەک فێرخوازان دەتوانن بگەن بە سەرچاوەکانی فێربوون لە هەر کات و شوێنێکدابێت.

sjh@univsul.edu.iq

گرنگییەکانی فێربوونی ئەلیکترۆنی:

فێربوونی ئەلیکترۆنی بووە بە گرنگییەکی حەتمی بۆ هەموو کۆمەڵگەکان بە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و تازە گەشەسەندووەکانیشەوە، بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئێستادا کە بە سەردەم و ڕۆژگاری خێرایی و تەوژمی زانیارییەکان دەناسرێت، بەوپێیەی ئەم جۆرە فێربوونە هەل و خزمەتگوزارییەکی نوێی فێربوون دەرەخسێنێت کە ئاڵنگارییەکانی فێربوونی باوی تێپەڕاندووە، بۆیە بەشێکی زۆر لە وڵاتان گرنگییەکی زۆر بە فێربوونی ئەلیکترۆنی دەدەن و ئاسانکاریی بۆ جێبەجێکردنی دەکەن.

لەو چوارچێوەیەدا دەکرێت گرنگی و بایەخەکانی فێربوونی ئەلیکترۆنی لە ژمارەیەک خاڵدا چڕ بکەینەوە(حدادي، ٢٠١٧، ص٥٦).

1. فێرخواز لێهاتوو دەبێت لە بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی گەیاندن و پەیوەندیی و وەرگرتنی زانیاری و سوود وەرگرتن لە سەرچاوە بەردەستەکانی فێربوون و فێرکردن لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا.
2. بەکارهێنانی ئامرازەکانی (دەنگ، وێنەی جوڵاو و ڤیدیۆ و فیلم) لە پرۆسەی فێربووندا، وادەکات کە چێژ بە فێرخوازان ببەخشیت و زیاتر هانیان بدات بۆ فێربوون.
3. پاڵپشتیکردن لە شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە، کە فۆکەس دەخاتە سەر توانا و کارامەییەکانی فێرخواز لە ڕێگەی کۆمەڵێک چالاکی و ئامرازەوە، فێربوونی ئەلیکترۆنی دەتوانێن ئامانجەکانی پرۆگرانی خوێندن بەدیبهێنێت، ئەم جۆرە فێربوونە رۆشنبیرییەکی نوێ بەناوی "رۆشنبیریی دیجیتاڵی" بەردەست دەخات.
4. رەخساندنی هەلی خوێندن و فێربوون بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ئەو فێرخوازانەی کە توانای ئامادەبوونی ڕۆژانەیان لە هۆڵەکانی خوێندندا نییە، بەهۆی بەرزی کرێی هاتوچۆ و نەبوونی هاتوچۆی گشتییەوە.
5. هاوکاری دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن دەدات، بۆ ئەوەی کێشەی کەمی مامۆستایان و گرفتەکانی وانەی تایبەت تێپەڕێنن، دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری خوێندن و فێربوون لە هەر کات و شوێنێکدا کە بگونجێت لەگەڵ فێرخوازدا.
6. لێهاتوویی ئەکادیمی لای مامۆستایان بەهێز دەکات لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانس (Video conferencing) و بەدواداچوون بۆ ئەزموون و توێژینەوەکان لە سەر ئاستی جیهان.
7. بازنەی پرۆسەی ئەرکی پەروەردەیی و فێربوون و ڕاهێنان فراوانتر کردووە و ئەو فێرخوازانەی کە کاری دیکەیان هەیە، دەتوانن درێژە بە خوێندن و فێربوون بدەن.
8. لە ڕێگەی ئەم جۆرە فێربوونەوە، بیرکردنەوەی رەخنەگەرانە (critical thinking) گەشە دەکات.
9. ڕێگە بە دایک و باوکان دەدات کە بەشێوەی ئۆنلاین و ئینتەرنێتەوە، ئاگاداری ئاست و توانای فێرخوازەکانیان بن.

بەشی سێیەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ستراتیژی بەکارهێنانی لە ئەرکی پەروەردیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستاندا :

بە هۆی خێرا بڵاوبوونەوەی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە نەیتوانییوە ئامادەکاری بکات بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن توێژی خوێندکاران لایەنە ئەرێنییەکانی و سوود لەم ئامرازە وەربگرێت لە بواری پەروەردە و فێرکردندا. (قەرەچەتانی، سەرچاوەی پێشوو)

یەکەم/ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: لە ئەدەبیاتی میدیای نوێ چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە واتای کۆمەڵێک بەرنامەی ئینتەرنێت دێت کە لەسەر بنەما ئایدیۆلۆژی و تەکنەلۆژییەکانی وێب 2.0 بنیات نراوە، کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات بۆ دروستکردنی ناوەڕۆک و ئاڵوگۆڕی زانیاری و هەروەها دروستکردنی پرۆفایلی گشتی یان تایبەتی لەناو سیستەمی بەکارهێنەراندا. (د. خالد، ٢٠١٦، ص١٧٠)

هەروەها لە پێناسەیەکی تردا ناسراوە بەوەی کۆمەڵێک ئامرازە بە هۆی بوونی ئینتەرنێتەوە دەرکەوتووە، کە لە توانایدایە گروپێکی زۆر بەکارهێنەری هەموو تەمەنەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەو پێیەی دەرفەت دەدات بە بەکارهێنەران بۆ پەیوەندیکردن و کارلێککردن لە نێوان خۆیاندا، لە ڕێگەی وێنە و ڤیدیۆ کلیپ و دەنگەوە.( مروة،٢٠١٧ ، ص٢٦ )

توێژەران پێیانوایە بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبواری پەروەردە و فێربووندا، کاریگەرییەکانیان لە ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە چالاکەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەم تۆڕانە دەیگێڕن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئامرازێکی گرنگ و کاریگەرن لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکان و کۆکردنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، تەنانەت ئامرازێکن بۆ خۆشی و کات بەسەربردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەرزکردنەوەی پرۆسەی پەروەردە، بەتایبەتی لە ڕێگەی پەرەپێدانی فێربوونی ئەلیکترۆنی، بەو پێیەی کاردەکەن بۆ زیادکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە وایکردووە دەرفەتەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن و پەیوەندی پەروەردەیی زیاد بکات. (لیلی و سوزان، ٢٠٢٢، ص٥٦٩)

**دووەم/ ستراتیژی بڵاوکراوەی وەزارەتی پەروەردە بۆ بە ئەلیکترۆنی کردن سیستەمی کاری پەروەردەیی و خوێندنی ئەلیکترۆنی: (زوهێر، ٢٠٢٣، چاوپێکەوتن)**

1. پرۆژەی پەروەردەی ئەلیکترۆنی (E-PARWARDA)ی خستووەتەگەڕ و لە ٢٥ی ٨ی ٢٠١٩ و هەموو باخچەو قوتابخانە و پەیمانگەکانی سەر بەوەزارەت بە دیجیتاڵی کراوە، داتای ( هەموو مامۆستا و فەرمانبەران)، ( هەموو قوتابیان )، ( کەلوپەل و هەموو وردەکاری ناوەندەکانی خوێندن)، هەموو نوسراوەکان کراوەتە ئەلیکترۆنی لە نێوان وەزارەت و بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەکان و پەروەردەی قەزاکان و تەنانەت باخچە و قوتابخانەکان و پەیمانگەکانیش، هەروەها سیستەمی کۆگای وەزارەت و پەروەردە گشتیی و پەروەردەی قەزاکان کراوەتە دیجیتاڵی، ئەو سیستەمە تەنها داخڵکردنی داتا نییە بەڵکو ئیدارەدان و ئەپدەیتکردن و سوود لیوەرگرتنیەتی بۆ دروستکردنی ڕاپۆرتی پەروەردەیی ، بەنموونە تەنها دوو خولەکت پێویستە بزانیت چەند قوتابخانە یەک دەوام یان دوو دەوامە، سیستەم ڕاپۆرتی وردت پێشکەش دەکات، ئەوە تەنها نمونەیەکی سادەیە، دەیان بواری دیکەی پەروەردەیی لە چەند خولەکێکی کەمدا ڕاپۆرتی لێدروست دەکرێت بۆ بەرچاوی بڕیار بەدەستانی پەروەردەیی.

2. پلاتفۆرمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی ( E-WANE) لەسەردەمی پەتای کۆرۆنا دامەزرا، زیاتر لە ٨ هەزار ڤیدیۆ تۆمارە، کتێبەکانی خوێندنی بە پی دی ئێف تێدایە، پلاتفۆرمەکە بەستراوەتەوە بە مایکرۆسۆفت تیمز، کە یەک ملیۆن و نیو ئەکاونتیان بە بێبەرامبەر بۆ دابینکراوە، کە پاکێجێکی تەواو پەروەردەییە، هەموو مامۆستایەک دەتوانێت سودی لێوەربگرێت بۆ وانەی ئۆنلاین و ڕاهێنانی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین، هەروەها سودی هەیە بۆ هەرقوتابییەک کە نەتوانێت مامۆستای تایبەت یان خولی بەهێزکردن بۆ خۆی فەراهەم بکات.

3. ئی هەڵسەنگاندنE-HALSANGANDN : دوو هەفتە جارێک فیدباکی قوتابی لەسەر حەوت ئاست دەدرێتەوە بە بەخێوکاری قوتابی بە شێوەی دیجیتاڵی، یەکەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی قوتابخانەی حکومی جێبەجێبکرێت، بۆ ئەوەی بەردەوام ئاگایان لە منداڵەکانیان بێت. هەروەها دەتوانن ( خشتەی وانەکانی هەفتە- نمرەکانی ) منداڵەکانیان ببینن و ڕێنمایی گشتیی تێدایە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانیان.

4. ئی- کتێبخانەE-KTEBXANA  بە هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوەی ستێرلینگ دامەزرێنراوە کە سەدان کتێبی پەروەردەیی تێدایە بۆ قوتابیان بە گوێرەی تەمەنەکان پۆلێن کراون.

5. ئی ڕاهێنانE-RAHENAN وەک پلاتفۆرمێکی ناوازە ئامادەکراوە بە هاوبەشی لەگەڵ یونیسێف و فێرگەی برادۆست بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان، پاش تەواوکردنی کۆرسەکان بروانامە دەبەخشرێتە مامۆستایان، زیاتر لە ٧٠٠ ڤیدیۆ بۆ دەیان کۆرسی جیاجیای پەروەردەیی ئامادەکراوە، پلاتفۆرمەکە بەستراوەتەوە بە مایکرۆسۆفت تیمز بۆ ڕاهێنانی ئۆنلاین، کەچەندین ڕاهێنەری نیشتیمانی و بیانیش تێیدا بەشدار دەبن.

6. ئی خێزانE-XEZAN، پلاتفۆرمێکە بۆ خێزانی کوردی بۆ گرنگیدان بە منداڵەکانیان و پەروەردە کردنیان، لە ڕێگەی گرافیک و نوسین ئەنیمەیشن بۆ ڕێنوێنکردنیان لەگەڵ منداڵەکانیان، بەهاوبەشی لەگەڵ یونیسێف و فێرگەی برادۆست دروستکراوە.

**سێیەم/ ڕێوشوێنە کردەییەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنی بۆ قۆناغی ئامادەیی:**

لە ئێستادا وەزرەتی پەروەردە بۆ مامۆستایان، مامۆستای ڕاهێنەر، سەرپەرشتیاران و کارگێری قوتابخانەکانی کار لەسەر پرۆژەی (ئی پەروەردە) دەکات، ناوەندەکانی خوێندن بۆ هەندێ بابەتی سنوردار کە ناچێتە خانەی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردنەوە سوودیان لە تۆڕەکانی (ڤایبەر، تێلیگرام، واتس ئەپ و فەیسبووك) وەرگرتووە، بەڵام وەك بەرنامەیەکی هاوتەریب لەگەڵ ناوەندەکانی خوێندن و مامۆستایان بەفەرمی پشتگیریی یان پێشنیازی هیچ تۆڕێکی کۆمەڵایەتی نەکردووە، ئەوەی هەیە هەوڵی نافەرمی و تاکەکەسییە ئەوەی پەیوەستە بە وەزارەتی پەروەردەوە لە ئێستادا جگە لە تیڤی پەروەردەیی کە وەك کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی کاردەکات، هاوکات لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بابەت و بەرنامەکانی پەخش دەکات (د.صدیق، ٢٠٢٣، چاوپێکەوتن)، بۆیە توێژەران بۆ بە کارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە دامەزراوە پەروەردەییەکان ئەم ڕێوشوێنانە دەخەنەڕوو:



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## 1. ڕێوشوێنی فێرکاری و پەروەردەیی:

پێشکەوتنی گەلان بە ڕادەی پێشکەوتنیان لە بوارەکانی زانستدا دەپێورێت، سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بە قۆناغی ڕاگوزەری تەکنەلۆجیادا تێدەپەڕێت، یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم قۆناغە ئەرکی پەروەردەیی و فێربوونی ئەلیکترۆنییە، ئەمەش زانیاری و لێهاتوویی پێویست بۆ فێرخواز و مامۆستا دابین دەکات، لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا وەزارەتی پەروەردە هەستا بە پەیرەوکردنی سیستەمی فێربوونی ئەلیکترۆنی ئەویش لە ڕێگای پلاتفۆرمی ئی وانە (E- Lesson) کە بەشێکە لە سیستەمی دیجیتاڵی وەزارەتی پەروەردە www.e-parwara.com کە زیاتر لە ٨٠٠٠ ڤیدیۆ لە خۆ دەگرێت و بەردەستە بۆ هەموو فێرخوازان. (زوهێر، سەرچاوەی پێشوو)

وەزارەتی پەروەردە ڕۆڵی گەورەی هەیە لە نیشاندانی ئەو نەخشە ڕێگایەی چۆن بتوانرێت سوود لەم تەکنەلۆژیایە وەربگرێت و لایەنە ئەرێنییەکانی زاڵ بکرێت، لە ئێستادا بەهۆی بایکۆتەوە پرۆسەی خوێندن لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەرین و گەرمیان پرۆسەی خوێندن دواکەوتووە دەتوانرێت بە پلانێکی ستراتیژی قەرەبووی ئەو ماوە و بابەتانە بکرێتەوە، وەزارەت و بەڕێوبەرێتی و خوێندنگاکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن و بە بابەتی پەروەردەیی و وانەکان بتەنن.

لە چوارچێوەی ئەم هەنگاوانە توێژەران پاڵپشت بەچاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی شارەزا و بەرپرس لەوەزارەتی پەروەردە ئەم ڕێوشوێنە پەروەردەییانەی دایانرشتووە بۆ سوودبینین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی پەیامەکانی ئەرکی پەوەردەیی و فێرکاری ئەمانەن:

- فێربوونی کارلێککارانە: لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای کاری گرووپینگ دەتوانرێت بیرۆکە و ئەزموونەکان لە نێوان فێرخوازان ئاڵوگۆڕ بکرێت و کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر گەیاندنی پەیامە پەروەردەییەکان، پرۆسەی فێرکردن، ڕەفتاری خوێندکار و مامۆستایان. (زوهێر، سەرچاوەی پێشوو)
- پەروەردەی خۆ ئاراستەکردن: لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە دروستکردنی ژینگەیەک کە خوێندکار پاش ئەوەی بەرکەوتنی دەبێت لەگەڵ ئەو جۆرە ناوەڕۆکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە ئاستی ڕەفتار و زانینی بەرەو بەها باڵاکان ئاراستە بکرێت. (قەرەچەتانی، سەرچاوەی پێشوو)
- مامەڵەکردنی عەقڵانی: لەگەڵ توێژی خوێندکاردا لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی پەروەردەیی بەمەبەستی گەڵاڵە کردن ئامانج و بەخشینی مانای واقیعی بەو بابەتانەی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەیخوێنن تا بزانن سوود و بەها باڵاکان لە فێربوونی ئەو بابەتانە چین و چۆن دەتوانرێت سوودیان لێببینێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا تا خوێندکار تێبگات بۆچی دەخوێنێت.
- جێبەجێکردنی بەکۆمەڵ: ئامانجی لەم ڕێوشوێنە هاندانی بیرکردنەوە و کارکردنی بەکۆمەڵە لە نێوان خوێندکاران و مامۆستایان لە گروپەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش بەمەبەستی قبوڵکردنی بیرۆکەکانی یەکتر، هاندانی فێرخواز بۆ تێگەیشتن لە ئەرکی گشتی، دەرهێنانی بیرۆکە و بۆچوون لە ئەندامانی نێو گروپەکان.

sjh@univsul.edu.iq

- دەوڵەمەندکردنی زانیاری و بەها باڵاکان: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن تایبەتمەندی ناوەزەن بۆ گەران و وەرگرتن و لێکدانەوە و نیشاندان و گفتوگۆکردنی زانیاری و بەها باڵاکان، بە ئاسانترین و خێراترین و هەمەچەشنترین شێوە، ئەم تایبەتمەندییانە چێژ دەبەخشن بە شێوازی پەروەردە و فێربوون و سەرنجی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی زۆر بە ئاسانی رادەکێشن و دەتوانرێت خۆیان بکرێن بە سەرمەشقی ئەرک و کارە فێرخوازییەکان. (قەرەچەتانی، سەرچاوەی پێشوو
- بەخێوکاران و سەرپەرشتیارانی خوێندکاران دەتوانن بە هەمان شێوەی رۆڵەکانیان بەشداری گروپ و چالاکی و واڵەکانی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ببن و ئاگاداربن لە پەروەردە و فێربوون و شێوازی وانە وتنەوە مامۆستایان. (زوهێر، سەرچاوەی پێشوو)

**2.** ڕێوشوێنی کارگێری:

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك کایەی کارگێری دەسەڵاتدار لە ڕێگەی بەڕێوبەرێتیەکانی و ناوەندەکانی خوێندن، دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت لە داڕشتنی سیاسەتی بەشداریکردن لەدروستکردنی ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پارێزگاکانی هەرێم ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێت بە دەرکردنی ڕێنمایی و جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنانەی لای خوارەوە:

- دەرکردنی ژمارەیەک یاسا و ڕێنمایی سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنان و بەشداریکردنی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایان و خوێندکاران لە دروستکردنی گروپی پەروەردەیی و بڵاوکردنەوەی وانە و بەها باڵاکان و زانیارییە گرنگەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پاڵپشت بەستراتیژی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردە بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتاری خوێندکاران و دایبابیان و پڕکردنەوەی ناوەڕۆکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بابەتی بەسوود. (قەرەچەتانی، سەرچاوەی پێشوو)
- دروستکردنی تیمی بەشداریکاری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە بەڕێوبەرێتییەکانی پەروەردە و سوود بینین لە کەسانی شارەزا لە بواری میدیا بە مەبەستی دانانی نەخشە ڕێگای کردەیی بۆ چەندێتی و چۆنێتی بەشداریکردن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی ستراتیژی وەزارەتی پەروەردە بۆ کاری پەروەردەیی و فێرکردن. (قەرەچەتانی، سەرچاوەی پێشوو)
- دیاریکردنی پاداشت بۆ ئەو سەرپەرشتیار و مامۆستایانەی بە شێوەیەکی چالاک ڕێنماییەکانی وەزارەت جێبەجێدەکەن بەمەبەستی هاندانیان.

**3.** ڕێوشوێنی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵی گریمانەیی و گۆڕانکارییە تەکنەلۆجییەکان بوونە هۆی گۆڕانی ڕیشەیی و جەوهەری و گۆڕان لە فۆڕمی میدیادا، بەشێوەیەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی ئێستاماندا ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگیان هەیە لەبوارە جیاوازەکانی ژیاندا کە وایکردووە گەران بەدوای حەزی بەکارهێنانداا ڕوو لەهەڵکشان بکات، لەنێویشیاندا بەشێوەیەکی بەرچاو لە چوارچێوەی کایەی پەروەردە و فێرکردندا. (هەرمن، ٢٠٢٣، ل١٢٥)، لە ئێستادا سیستمی پەروەردە لەم پێش

کەوتنە تەکنەلۆجییە دابڕاو نیە، بەڵکو بووە بە سەکۆیەک یان مەڵبەندێک کە تاکەکان ئاڕاستە دەکات چۆن ئەم تەکنەلۆجیایە بەکاربهێنێت و چۆن سوودی لێ ببینێت و بەدوای چ زانیارییەک بگەڕێت، بۆیە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەک پلاتفۆرمێک بە گرنگ و سوودبەخش دادەنرێت بۆ بواری پەروەردە و فێرکردن، لەوەی یارمەتیدەر و ئاسانکارە بۆ خودی پرۆسەی پەروەردە وەک بوونی چەند پلاتفۆرمێکی وەک ( گۆگڵ کلاس رووم، زووم، واتس ئەپ، گروپەکانی ماسنجەر، ڤایبەر، تیلیگرام و چەند پلاتفۆرمێکی تر)، کە ئەم تۆڕانە توانیویانە بژاردەیەکی کاریگەری لێکتێگەیشتن و کارلێکی و تایبەتمەندییەکانی وەک دەنگ و ڕەنگ و وێنەی جوڵاو و گرافیکمان بخاتە بەردەست، کە لەو ڕێگەیەوە سیستمی پەروەردە و ناوەندەکانی پەروەردە دەتوانێت خۆی نوێ و ڕێک بخاتەوە لەڕووی تەکنیک و ئامراز و شێوازەکانی فێربوون و وانەوتنەوە. (بوخاری، ٢٠٢٢، نێت)

توێژەران پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکەمن لەئاڕاستە کردن و گۆڕینەوەی زانیاری، خێراترین و ئاسانترین ڕێگایە بۆ فێربوون، بۆ نموونە هەر مامۆستا و فێرخوازێک دەتوانێت لەڕێگەی دروست کردنی پەرەیەکی تایبەت بەبابەتێکی پەروەردەیی لە یەکێک لە تۆڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تێکەڵ ببێت بەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە لەڕێگەی گرووپ و پێگە تایبەتمەندەکان بەم بوارە ئەوەش کە دەبێتە هۆی دروست کردنی گفتوگۆ و پەیوەندی زانستی و گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوون و کارلێک کردن سەبارەت بە بابەتە پەروەردەیی و فێرکارییەکان، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانن ئامانج و مەبەستە پەروەردەییەکان دیاری بکات لە چوارچێوەی بنەما و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەشداربوان بە ئاڕاستەی فێرکردنێکی زانستیانەی هاوچەرخ.

هەر لەو ڕوانگەیەوە (راندی زوکربرج) پێیوایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سودێکی گەورە بە بواری پەروەردە و فێرکردن دەگەیەنێت کە هیچی کەمتر نییە بۆ نموونە ئامادەبوونی خوێندکار لەنێو هۆڵەکانی خوێندن بگرە زۆرجار ئاسانتر دەتوانیت هەڵسەنگاندن بکەیت بۆ خوێندکارەکان لەڕێی ناردنی پەیام و وەرگرتنی ئەنجام بۆ ئایپاد و لاپتۆپ و مۆبایلە زیرەکەکانیان. (مها، ٢٠١٨، ص ص٣٥-٣٦)

توێژەران ئەوە دەخەنەڕوو، ئەم تۆڕانە دەتوانێت دەرفەتێکی باش برەخسێنێت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، بەوەی کار ئاسانی فەراهەم بهێنێت لەوەی کە دەتوانن بەئاسانی گوزارشت لە بیروبۆچوون و بیرۆکەکانیان و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتە جیاواز و جۆراوجۆرەکان بکەن لەڕێگەی وێنە و ڤیدیۆ و بڵاوکردنەوەی دەقەکانیان، هەروەها لەچوارچێوەی پەیوەندییەکی خێرا و ئاسان لەهەر شوێنێکدابێت، بەو پێیەی ئامرازێکی کاریگەر و ئاسانە لەبەکارهێناندا.

لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە لە پرۆسەی پەروەردەدا دەرفەتی وانەوتنەوە و فێربوونی زیادکردووە و یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوانیاندا، هەروەها ئامرازێکی پەروەردەیی کاریگەرە بەوپێیەی فێرخوازان دەتوانن دەستیان بە زانیاری و شارەزایی پەروەردەیی و ئەزموونەکان بگات، بەو پێیەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت لە بەرەوپێشبردنی پەروەردە لە دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ نموونە سەرهەڵدانی پلاتفۆرمی نوێی فێربوون وەک فێربوونی ئەلیکترۆنی، پرۆسەی فێربوونی ئەلیکترۆنی وایکردووە خوێندکاران لە هەموو شوێنێکی جیهان کارلێک بکەن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ وانەبێژان بەبێ گوێدانە شوێنی فیزیکی، خوێندکاران دەتوانن ناوی خۆیان تۆمار بکەن و بەشداری خول و ڕاهێنان و وانە ئۆنلاینەکان بکەن. (دریبی، ٢٠١٨، ص٣٠٦)

هەروەها ئەم تۆڕانە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتاری سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی گەنجان و هەرزەکاران، کە دەبێتەهۆی ئاراستەکردنی هەرزەکاران بەرەو ونبوون لە دوونیای گریمانیدا و تەنانەت کاری کردووە لە جۆری ئەو ووشانەی کە دەری دەبڕێت، بۆیە پێویستە بابەتەکانی وانەکانی پەیڕەوی خوێندن بگونجێنرێت کە هەرزەکاران حەز بە فێربوونی بکەن لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم و میدیای نوێوە. لەلایەکی ترەوە خودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوەتە هۆی دروستبوونی بۆشایی مەعریفی و پەروەردەیی تاکی بەرەو هەڵدێر ببات، بە پێی دەرئەنجامی توێژینەوەیەك زۆرینەی بەرتوێژە هەرزەکارەکان ناوی چەندین یوتیوبەر و تیکتۆکەر دەزانن بەڵام ناوی سەرکردە شەهیدەکانی نەتەوەی خۆی نازانێ و تەنانەت سادەترین زانیاری کە لە پەیڕەوی خوێندندا خوێندویەتی کەچی دەیان بابەتی بێسودی لەیادە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بینیویەتی. (د.جوان، ٢٠٢٣، چاوپێکەوتن)

توێژەران ئەم ڕێو شوێنانەیان دیاریکردووە بۆ سوودبینین لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستاندا:

- لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مامۆستا دەتوانێت پێش دەستپێکردنی وانە وتنەوە، پەیجێک دروست بکات کە پسپۆڕان و قوتابیانی ئارەزومەند بەشداری تێدا بکەن و بۆچوونەکانیان وەربگرێت، سەبارەت بەو ناوەڕۆکەی دیاری کراوە. (مها، ٢٠١٨، ص٣٥).
- توێژەران پێیان وایە، دەتوانرێت لەڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی ئەم تۆرانەوە بابەتە زانستییەکان بە ئاسانی لە نێوان خوێندکاراندا ئاڵوگۆڕ بکرێت و بێ بەرامبەر خوێندکار زانیاری و سەرچاوەی پەیوەست بە بەرنامەی خوێندنەکەیان بەدەست بهێنێت. بۆ نموونە مامۆستایان دەتوانن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن وەک هاوبەشکردن و دانانی لینکی ڤیدیۆ و پۆدکاستەکانی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کۆرسەکەیانەوە، کە ئاسانکاری دەکات بۆ خوێندکاران کە دەستیان بەم سەرچاوانە بگات.
- ئەنجامدان و سازکردنی هەڵمەتی هۆشیاری بۆ شێوازی بەکارهێنانی میدیای نوێ لای سەرجەم چین و توێژەکان، هەروەها بە فلتەرکردنی ئەو بابەتانەی کە دژ بە ستراتیژی پەروەردەی ووڵاتە ئەویش لەژێر چاودێری وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیری. (د.جوان، سەرچاوەی پێشوو)
- توێژەران پێیان وایە، گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە لەنێوان خوێندکاران و مامۆستایان دەرەخسێنێت، کە ژینگەیەکی هاوکاری و کارلێککارانە فەراهەم دەکات و بەشێوەیەک دەتوانن سەرچاوەکان لەنێوانیاندا هاوبەش بکەن، واتە فێربوونی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکات بە پێکهێنانی ژینگەیەکی فێربوونی هاوبەش و یەکگرتوو.
- سودوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خستنەڕووی بابەتەکانی پەیڕەوی خوێندن وەک تەکنەلۆژیای فێرکاری و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی کورتە ڤیدیۆی دیکیۆمێنتاری و پەروەردەیی لەخزمەت پرۆسەی پەروەردە، واتە سود وەرگرتن لەم تۆڕانە وەک ئامرازێکی پاڵپشت بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی پەیڕەوی خوێندن. (د.جوان، سەرچاوەی پێشوو)

- دەتوانێت دەرئەنجامەکانی فێربوون باشتر بکات بە پێشخستنی فێربوونی چالاک و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، واتە دەتوانێت ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی و بیرکردنەوەی پلە باڵاکان بکات وەک شیکاری و هەڵسەنگاندن و داهێنان. (د. محمد، ٢٠٢٣، ص ص٩٠٠-٩٠١).

- یەکێکی تر لەستراتیژییەکان کە توێژەران دەیخەنەڕوو، دەتوانێت یارمەتی ئەندامانی ناوەندەکانی خوێندن بدات ڕێنمایی پەروەردەیی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ پێشکەش بە خوێندکارەکانی بکات لە دەرەوەی دامەزراوە پەروەردەییەکەدا، هەروەها توانای بەشداریکردنی فێرخواز دەبێت لە بنیاتنانی ناوەڕۆکی پەروەردەیی.

- دەکرێت لەژێر چەتری (ئی پەروەردە)دا یان لە هەر بابەتێکی تری هاوشێوەدا خزمەتگوزاری فێربوون بخرێتە بەردەم فێرخوازان بۆ ئەوەی بتوانن هاوتەریب لەگەڵ مامۆستایان و قوتابخانەدا سوودی لێوەربگرن، ئەگەرچی لە ئێستادا لەزۆر شوێنی تر وەك یوتوب و هەندی کۆمپانیای ئەهلییەوە پرۆژەی لەو شێوەیە هەیە وەك مامۆستای جێگرەوە سوودیان لێوەردەگیرێت بەڵام پشتگیرییکی فەرمییان نییە. (د.صدیق، سەرچاوەی پێشوو)

- دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە پەروەردەییەکان بۆ خوێندکاران و مامۆستایان وەک بەردەستبوونی تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوب و فەیسبووک و چەند تۆڕێکی تر، دەرفەتێکن بۆ ئەوەی مامۆستایان زانیارییەکانیان بەیەکەوە باس بکەن و ئەزموونەکانیان لەگەڵ ئامادەبووانێکی فراوانتردا هاوبەش بکەن، لە کاتێکدا خوێندکاران دەستیان بە کۆمەڵێک کەرەستەی فراوانتر دەگات. (د. محمد، المصدر السابق، ص ٩٠١).

- دابەشکردنی خوێندکاران بەسەر گروپەکاندا لە حاڵەتی ئەرکەکانی گرووپین وەک پرۆژەی هاوبەش، یان بەشداریکردن لە وروژاندنی پرسە پەروەردەییەکان، و ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی بنیاتنەر لەسەر هەر وانەیەکی بابەتەکە. (مها، المصدر السابق، ص٣٦).

- لەڕێگای قوتابخانە و خوێندنگاکانەوە سوود لە تۆڕەکانی تری وەك: تێلیگرام، واتس ئەپ، ڤایبەر وەربگیرێت بۆ بابەتی گشتی وەك بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەگشتییەکان و خشتەی تاقیکردنەوەکان و هەندێ چالاکی سنورداری ناوەندەکانی خوێندن، لێرەش نابینرێت وانەیەکی تۆمارکراوی مامۆستا یان وانەیەکی پوختکراوەی تایبەت بە پسپۆڕییەك دابنرێت و هاوبەشی بکرێت. (د.صدیق، سەرچاوەی پێشوو)

- کۆمەڵێک خوێندکار دەتوانن ئامرازێک یان چەند ئامرازێک بۆ وانەوتنەوە دروست بکەن و گفتوگۆ و سەرنجدان و ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن کە یارمەتیدەرە بۆ چالاککردنی تواناکانی پەیوەندیکردنی خوێندکاران و شێوازی فێربوون لە ڕێگەی چالاکییەکانەوە. کە زۆرجار دەبێتە هۆی گۆڕینی پرۆسەی پەروەردە لە وانەوتنەوە بۆ فێربوون و پاڵنەرن بۆ داهێنان. (Mahmoud and Ali, ٢٠١٩، ص٢١٨).

**دەرئەنجام :**

1. وەزارەتی پەروەردە بەشێوازێکی ستراتیژی نەیتوانیوە پلانێک دابڕێژێت بۆ سوودبینین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکی پەروەردیی و فێرکردنی ئەلیکترۆنی بۆ قۆناغی ئامادەیی و گۆڕینی ڕەفتاریان بە ئاراستەی ئەرێنی.

2. وەزارەتی پەروەردە بەردەوام لە ژێر کاریگەری ئەو بۆچوونانەیە کە پێی وایە خوێندکاران دەبێت خۆیان بەدووربگرن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە کاتێکدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی گۆڕینی پرۆسەی پەروەردە لە چەقبەستوویی وانەوتنەوە بۆ فێربوون و پاڵنەربوون لە داهێنان و بەرزکردنەوەی تواناکانی پەیوەندیکردنی فێرخوازان و شێوازی فێربوونیان لە ڕێگەی چالاکییەکانەوە.

3. وەزارەتی پەروەردە هیچ ڕێنماییەکی بۆ ڕێکخستنی چونێتی بەشداریکردنی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە لایەنی ئەرێنی دەرنەکردووە، لە کاتێکدا دەتوانێت تیمی بەشداریکاری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بەڕێوبەرێتییەکانی پەروەردە دروست بکات بە مەبەستی دانانی نەخشە ڕێگای کردەیی بۆ چەندێتی و چۆنێتی بەشداریکردن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی ستراتیژی وەزارەتی پەروەردە بۆ کاری پەروەردەیی و فێرکردن و بە ئامانج گرتنی رەفتاری خوێندکار و مامۆستایان.

4. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتاری سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و توێژی هەرزەکاران بە تایبەتی و خوێندکارانی قۆناغی ئامادەی لەم توێژەدان، بۆیە پێویستە بابەتەکانی پەروەردە بە شێوەیەک بگونجێنرێت کە هەرزەکاران حەز بە فێربوونی بکەن لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم و میدیای نوێوە و سیستەمی پەروەردە هاوشانی ئەم واقیع خۆی نوێ بکاتەوە .

5. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی پاڵپشتیکاری پرۆسەی فێرکاری و ئەرکی پەروەردەیی دەتوانن سودێکی گەورە بە بواری پەروەردە و فێرکردن بگەێنن کە هیچی کەمتر نییە لە ئامادەبوونی خوێندکار لەنێو هۆڵەکانی خوێندن، زۆرجار ئاسانتر دەتوانرێت هەڵسەنگاندن لەڕێی ناردنی پەیام و وەرگرتنی ئەنجام بۆ ئایپاد و لاپتۆپ و مۆبایلە زیرەکەکانیان.

6. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی پەروەردەدا ژینگەیەکی کارلێککار بۆ وانەوتنەوە و فێربوونی ئەرکە پەروەردەییەکان دەرەخسێنێت و یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوانیاندا، خوێندکاران لە هەموو شوێنێکی جیهان دەتوانن کارلێک بکەن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ یەکدی و مامۆستایان و وانەبێژانی تر بەبێ گوێدانە شوێنی فیزیکی.

**ڕاسپاردە:**

١/ پێویستە وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی تایبەت بۆ ڕێکخستنی چۆنێتی بەشداریکردنی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەربکات کە خزمەت بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بکات.

٢/ پێویستە وەزارەتی پەروەردە تیمی بەشداریکاری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بەڕێوبەرێتییەکانی پەروەردە دروست بکات بە مەبەستی دانانی نەخشە ڕێگای کردەیی بۆ چەندێتی و چۆنێتی بەشداریکردن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی ستراتیژی وەزارەتی پەروەردە بۆ کاری پەروەردەیی و فێرکردن و بە ئامانج گرتنی رەفتاری خوێندکار و مامۆستایان.

٣/ پێویستە وەزارەتی پەروەردە خوێندنی پەروەردەی میدیایی لەناوەندەکانی خوێندندا بەگرنگ و پێویست بزانێ و وەزارەت بەشێوەیەك لەشێوەکان جێگای بکاتەوە..

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ توێژینەوەی زانستی:**

خالد عبد الله الجنهي(2017)، أثراستخدام شبكات التواصل االجتماعي على الطالب في تنمية التحصيل الدراسي في مادة البحث ومصادر املعلومات للمرحلة الثانوية ، مجلة العلوم التربوية والنفسية العدد الرابع 5 2017.

١/ د. خالد بن فيصل الفرم. (٢٠١٦)، استخدام وسائل التواصل إ لاجتماعي في التوعية الصحية لمرض كورونا:دراسة تطبيقية على المدن الطبية ومستشفياتها الحكومة بمدينة الرياض السعودية، المجلة العربية لبحوث الاعلام والاتصال – العددان ( 14 - 15) .

٢/ د.أشرف مصطفى احمد شلبى و د. سامح عوض الله السيد ابراهيم. (٢٠١٩)، دور مواقع التواصل الاجتماعى فى تعزيز التسوق الالكترونى وعلاقته بإتجاهات الشباب الجامعى نحو سوق العمل، المجلة العلمية لكلية التربية النوعية، العدد العشرون.

3/ خالد عبد الله الجنهي(2017)، أثراستخدام شبكات التواصل االجتماعي على الطالب في تنمية التحصيل الدراسي في مادة البحث ومصادر املعلومات للمرحلة الثانوية ، مجلة العلوم التربوية والنفسية، العدد الرابع.

4/ خديجة عبد العزيز على. (٢٠١٦)، استخدام شبكات التواصل الاجتماعي في العملية التعليمية، مصر: مجلة العلوم التربوية، العدد ٣.

5/ ليلى اللاذقاني و أ. د. سوزان المقطرن. (٢٠٢٢)، درجة استخدام مواقع التواصل الاجتماعي في العملية التعليمية من وجهة نظر طلبة المناهج وتقنيات التعليم في كلية التربية بجامعة دمشق، مجلة جامعة دمشق للعلوم التربية والنفسية – 83 – العدد الرابع.

6/ د. محمد ناصر إبراهيم العزبي. (٢٠٢٣)، أسلوب مبتكر لتقويم استخدام منصات التواصل الاجتماعي

لتعزيز سلوكيات التعلم لدارسي آلة الڤيولين، مجلة علوم وفنون الموسيقى – كلية التربية الموسيقية – المجلد الخمسون.

7/ بشرى فيصل الحربي. (٢٠١٦)، شبكات التواصل الاجتماعي ودورها في العملية التعليمية، بحث أعد لملتقى شبكات التواصل الاجتماعي في التعليم، جامعة الامام عبدالرحمن بن فيصل.

8/ أشرف نبوي عتيم.(٢٠٢٤)، دور وسائل التواصل الاجتماعي في تعزيز التعليم الفعال للعلوم المجلة العلمية – كلية التربية –جامعة الوادي الجديد العدد الثامن والأربعون.

9/ . دريبي بن عبد الله الدريبي، (٢٠١٨)، فاعلية مواقع التواصل الاجتماعي في العملية التعليمية بالجامعات السعودية، دراسة ميدانية على طلاب كلية الإعلام والاتصال بجامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، مجلة البحوث الإعلامية – العدد ٤٧.

10/ Ali Abduelwahed Abdelhameed Mohamed and Mahmoud Qaddom. (٢.١٩)، دور وسائل التواصل الاجتماعى فى تعليم اللغة العربية للناطقين بغيرها فى الجامعات التركية و الحكومية،

Hitit Üniversitesi İlahiyat Fakültesi Dergisi / Journal of Divinity Faculty of Hitit University

11/ Yulian Purnama1*, Asdlori2 ,The Role of Social Media in Students' Social Perception and In-teraction: Implications for Learning and Education Technology and Society Perspectives (TACIT) Vol. 1, No. 2, July 2023, pages 45–55

دووەم/ نامەی ماستەر و دکتۆرا:

١/ مروة نبيل حلمي الحايک. (٢٠١٧)، التسويق عبر شبكات التواصل الاجتناعي وعلاقته في تعزيز إدارة العلاقة مع الزبون في شركات تكنولوجيا المعلومات – قطاع غزة، جامعة الأزهر – غزة، كلية الاقتصاد والعلوم الإدارية، رسالة ماجستير منشورة.

٢/ أسماء الهادي إبراهيم عبد الحي. (٢٠١٣)، الأبعاد التربوية للتواصل الثقافي لدي أعضاء المجتمعات الافتراضية ودور المؤسسات التربوية في مواجهتها"، جامعة المنصورة، كلية التربية، رسالة دكتوراه منشورةpdf.

٣/ هەرمن شێرکۆ نصرالدين، (٢٠٢٣)، کاریگەری بەبازارکردنی کۆمەڵایەتی کارمکتەرە ناودارە کوردییەکان لە سۆشیال میدیادا، کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، تێزی دکتۆرا.

سێیەم/ کتێب:

1/ إبراهيم عبد الوكيل الفار. (٢٠١٢)، تربويات الحاسوب وتحديات مطلع القرن الحادي والعشرين القاهرة: دار الفكر العربي.

2/ أحمد إسماعيل أحمد. (٢٠١٣)، الإعلام التربوي ودوره في التربية والتعليم، عمان: دار كنوز المعرفة العلمية للنشر والتوزيع.

3/ أسامة محمد سيد وعباس حلمي. (٢٠١٧)، الاتصال التربوي رؤية معاصرة، كفر الشيخ: دار العلم والإيمان للنشر والتوزيع.

4/ مها حامد جنيدي. (٢٠١٨)، السوشيال ميديا، دار العلم والإيمان للنشر والتوزيع.

چوارەم/ پێچەکانی ئینتەرنێت:

١/ وليدة حدادي. (٢٠١٧)، استخدام الجيل الثاني للتعلم الالكتروني في دعم إستراتيجية التعلم التعاوني: الفاعلية والتحديات، الجزائر: مجلة تطوير العلوم الاجتماعية، عدد٤. https://www.asjp.cerist.dz/en/article/33514

٢/ عبد الله فهد الموسى، عبد الله بن محمد السبيعي. (٢٠٢٠)، واقع استخدام شبكات التواصل الاجتماعي في تدريس اللغة الإنجليزية بالمرحلة الثانوية، مجلة كلية التربية، جامعة اسيوط، العدد 3. http://search.shamaa.org/FullRecord?ID=290446

٣/ بوخاری عەبدوڵای قەسرێ، (٢٠٢٢)، تەکنەلۆژیای شاشەیی و سۆشیال میدیا وەك ئاڵنگارییەکی نوێی پەروەردەیی، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، بەردەستە لە: https://zahawi.org/?p=5029

پێنجەم/ چاوپێکەوتنەکان:

١/ پ.د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، پسپۆری پەروەردەیی و دەروونزانی، چاوپێکەوتن، سلێمانی، (٢٠٢٤/٣/٧)

٢/ پ.ی.د.جوان بهاالدین علی، پسپۆری میدیای تایبەتمەند/ پەروەردە، مامۆستا لەبەشی پەروەردە و دەروونزانی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، چاوپێکەوتن: کۆیە، (٢٠٢٤/٣/١٢).

٣/ د.صدیق اورحمان علی، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرێتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی/ پارێزگای سلێمانی، چاوپێکەوتن: سلێمانی، (٢٠٢٤/٣/٨).

٤/ زهیر محمد عبدالله، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی پلاندانان، وەزارەتی پەروەردە، چاوپێکەوتن، هەولێر، (٢٠٢٤/٣/١٥).

The strategy of using social networks in educational tasks and e-learning for the high school in educational institutions in the Kurdistan Region

Abstract:

The main objective of this research is to develop a practical strategy for the use of social networking platforms in educational work and e-learning in educational institutions, in order to change the behavior of high school students, it is also to correct the illogical view that exists on social networks in the field of education. The significance of this study lies in the fact that social networks have become a primary platform for communication, information sharing, and dissemination among different segments of society. Both students and teachers are constantly engaged with these platforms, shaping their public behavior.

The study sample includes the Ministry of Education's plan regarding the utilization of social networks for educational purposes and e-learning. Utilizing the planned behavior method through interviews and observations, the study discusses the implementation of social networks in enhancing educational tasks and e-learning within Ministry of Education institutions, as a roadmap for the use of social networks in educational tasks E-learning in educational institutions in the Kurdistan Region, Researchers have identified three key strategies for utilizing social networks: teaching and educational practices, administrative approaches, and methods of usage.

sjh@univsul.edu.iq

As a result, the Ministry of Education has not been able to develop a strategic plan to use social networks in the implementation of educational tasks and e-learning for high schools and change their behavior. As social networks have an influential role in the behavior of adolescents, especially high school students, education should be adapted in such a way that adolescents like to learn through the use of modern technology and new media and the education system should update itself along with this reality.

Keywords: Social networks, educational tasks, e-learning, high school, educational institutions in the Kurdistan Region

استراتيجية استخدام شبكات التواصل الاجتماعي في المهام التربوية والتعلم الإلكتروني للمرحلة الاعدادية في المؤسسات التربوية إقليم كوردستان

الملخص:

يهدف هذا الدراسة إلى صياغة إستراتيجية دقيقة وعملية للإستخدام منصات التواصل الإجتماعي في العمل التعليمي والتعليم الإلكتروني لدى المؤسسات التعليمية، بهدف تغيير سلوك المستخدمين لدى كل من طلاب المدارس الأعدادية، وتصحيح آراء الرواد في مجال التعليم، الذين يعرضون في معظم رسائلهم فقط الجوانب السلبية لمنصات التواصل الاجتماعي ويصفونها بالمدمرة لهذا الجيل، وتنبع أهمية هذه الدراسة، من كون منصات التواصل الاجتماعي أصبحت القناة الرئيسية للأتصال ونشر وتقاسم المعلومات بين شرائح المجتمع، ويتعرض كل من الطلاب والمعلمين بشكل مستمر لهذا الواقع الجديد، كما أن لها تأثير كبير على سلوكهم بشكل عام، وتكونت عينة الدراسة من مضامين خطة وزارة التربية والتعليم للإستخدام منصات التواصل الاجتماعي في التعليم والتعلم الإلكتروني. في إطار أسلوب السلوك المخطط من خلال المقابلات والملاحظات، تمت مناقشة تخطيط استخدام شبكات التواصل الاجتماعي في تعزيز العمل التعليمي والتعلم الإلكتروني في مؤسسات وزارة التربية والتعليم. كخارطة طريق لاستخدام شبكات التواصل الاجتماعي في المهام التعليمية والتعلم الإلكتروني في المؤسسات التعليمية في إقليم كوردستان، وقد حدد الباحثون ثلاثة مقاييس كاستراتيجيات لاستخدام منصات التواصل الاجتماعي: (المقاييس التربوية والتعليمية، الإدارة، الاستخدام)، ونتيجة لذلك لم تتمكن وزارة التربية والتعليم من وضع خطة استراتيجية لاستخدام شبكات التواصل الاجتماعي في تنفيذ المهام التعليمية والتعليم الإلكتروني لطلبة المرحلة الثانوية وتغيير سلوكهم. لشبكات التواصل الاجتماعي دور مؤثر على سلوك المراهقين، وخاصة طلاب المدارس الثانوية. ويجب تكييف المواد التعليمية بحيث يستمتع المراهقون بالتعلم من خلال استخدام التكنولوجيا الحديثة ووسائل الإعلام الجديدة، ويجب على نظام التعليم تحديث نفسه بما يتماشى مع هذا الواقع.

الكلمات المفتاحية: منصات التواصل الإجتماعي، المهام التربوية، التعلم الإلكتروني، المدارس الاعدادية، المؤسسات التعليمية في إقليم كوردستان.

sjh@univsul.edu.iq